بەر ، وە نەیهێشت میللەتانی عـــەرەبو کوردو نەتەوەکانی تـری ئەمپەراتوریەت بە زوبانی نەتەوەیی خویان بخوینن •

وە لە ماوەی پاش شورشی ١٩٠٨ی تورکیاشا تورانیەت بـــە شیوەیەکی فراوان دیاری دا ، وە خەلکیکی زوری تی گەیشـــتوو تی نەگەیشتوی شوین کەوت ، تا کونگرەی یەکەمی تورانی بەسرا لە سالی ١٩١٣دا لە ئەستەمول • یەکیک لە سەر بەدەرەوەبوترینی ئەوانەی ئەو کاتە پروپاگاندەیان بو تورانیەت ئەکرد شاعیری تـورك ( ضیاء غالب بەگ ) بو کە لە سالی ١٩١٩دا هەلبەستیکی بە ناوونیشانی « توران » هەل بەستبو ، وە تیای وتبو :

« ••• من لە لاپەرەی رزیوی زەردی میژودا ناوی باوو باپیرم زیندو ناکەمەوە ، بەلکو لە خوینی دەمارەکانمو لە دلما • ئەتیلاو چنگیز کە مایەی شانازیو گەورەیی رەگەزەکەمن لە قەیسەرو ئەسکەنەر کەمتر نین • ئوغزخان کابرای لە میژودا کەس سەر لی دەرنەچو ، لە هەمو کەس نزیکترە بە دلم •• ئەو ئیستاش لە دلماو لە دەماری لەشما بە هەمو سامو گەورەیی یەکیەوە ئەژی • ئوغز خوشی ئەخاتە دلمەوەو پالم پیوە ئەنی بە بەرزترین دەنگ هاوار بکەم :

« نیشتمانی تورکەکان نە تورکیایەو نە تورکستان •• خاکی بانو پوری هەمیشەیی یە •• خاکی تورانە •• » • [ میژوی نەتەوایەتی لە روژەلاتا • نوسینی : هانس کون • لاپەرە ٢٣٩ ] •

وە لە پارچە شیعریکی تریا ( گویزل دوستان ) کە لە ١٩١٤دا هەلی بەستوە ئەلی :

« نیشتمانی دوژمنان پارچە پارچە ئەکری •• تورکیایش گەورە

ئەبیو ئەبی بە توران •• » • [ تورانیەتو سوڤیەت • لاپەرە ١٤٣ ] •

لەم دو نمونەی شیعری ضیأ غالب بەگەوە خوێندەوار ڕێبازی دوژمنانەو بانگ بو داگیرکردنی ولاتانیترو گورانی وتنی بە ئیشو کاری چنگیزخانا کە ولاتانی گرتوەو گەلانی تری ژێردەست کردوە ــ بو دەر ئەکەوێ •

ضیاء لە سەرکردەکانی حزبی یەك گرتنو پیشکەوتن بو کــە تورانیەتی کردبو بە سیاسەتی خوی ، وە دەسی کردبو بە کوشتنی زانستی نەتەوایەتیی گەلانیتر ، وە بە کردنبــەتورکی عەرەبو نەتەوەکانیتر کە گیرودەی حوکمی عوسمانی بوبون ، وە میللەتانی عەرەب بە کردەوەکانی جمال پاشادا لە سوریا ، وە میللەتی کورد بە ژێر پی خستنی هەر مافێکی نەتەوایەتیی کوردا ناسینی •

کە جەنگی یەکەمی جیهان هەلگیرسا ئەمپەراتوریەتی عوسمانییش بەشدار بو تیا ، وە مێشکی حوکمرانە تورانییەکانی پر بو لە خەیالی شیتانە • بە هیوا بون هاو پەیمانە ئەلمانەکانیان سەرکەون •

یەکێك لە حوکمرانە عوسمانییەکان ئەم ئاواتــەی ئەوانــی دەربری ، کە وتی :

« بیری تورانیــەت کاتێك دێتەدیکــە تورکەکان ئامانجــە ئابورییەکانی خویان ببننەدی کە ئەوەتە ڕیگایەکمان دەس کەوی بو هیندوستانو چین • ڕیگای هیندوستان لە بەر دەسمانایە ، بەلام ڕیگای چین هیشتا داخراوە ، وە هەر کە توانیمان دەسی بە سەرا بگریــن وەك پیشان گرتمان ( لە زەمانی مغولە کانا ) ئەو کاتە میللەتی تورك ئەبی بە یەك ، وە پەیامە نەمرەکەی لە جیهانا دێتەدی » • [ مێژوی

مەزوو بەروو قەزوان
دەست تیك ئه گرن بو شایی
بزەی لیوی مانگی جوان
ئەهینی بەختیاری
کوترە باریکەو وکەو
دەمو وەختی بەیانی
ئەخوینن لە ناو دولان
هوشو بیرت ئەجوشی
پول پول مەلی ناوچیا
ئەفررن ئه خوینن شادان
گردی سەوزو سورو زەرد
شەقلاوە کوردستانی
ئەت پاریزم تاماوم
وەك نیشتمانی گەلان
نەك من بەلکە هەزاران
شانازی بە تو ئەکەم
بویە ئەچمە کوتەوە
روژی دی ئەی نیشتمان
نەتەوەی ئیمەی نەبەز
وەکو گەلانی ئازاد
بەرەنجی لاوی ووریا
ئەو خاکە ئەو زەمینە

کەوەت گویژو ئەرغەوان
وەك کورو کچی ئاوایی
ئەپررژیتە ناو داران
شاد ئەکا پەستو زاری
کاتی هەل ئەستن لە خەو
شەیدا ئەکەن گورانی
سویسکەوو کەوی جوان
ئەشیویی وەك سەرخوشی
دەست دەستەو بە تەنیا
ئەخەنە سەما انسان
ئەبەن ژەنگو خەمو دەرد
بویە وا شەنگو جوانی
پیش کەشتە گیانو چاوم
سەر بەرزی لە ریی ژیان
هاتونە کورری مەیدان
کەمە هیشتا وەسفت کەم
تاکو روژم بیتەوە
خاکی رەنگینی کوردان
لە جهان ببی سەربەرز
دوژمنان بکا بە رباد
دەنگی دەرخا لە دنیا
کە بەهەشتی رەنگینە

# برایەتی‌ی بەهێزی رەنجکیشانی جیهان

[ وتاریکە روژنامەی (ترود)ی سوڤیەتی
بلاوی کردوەتەوە • لە عەرەبی‌یـەوە
وەرگیرراوە • ] ـ هیوا ـ

لە روژە سامناکەکانی مارتی ١٩١٩دا ژمارەیەک لە باشـــترین خەباتکەرانی ریگای چینی کریکار لە سی ولاتی ئەوروپاو ئەفەریقاو ئاســیاوە گەیشتنە موسکو • ئەمانە گیانی خویان نابوە سەر دەسیان ، چەند دیوارو تەیمانی سەختی ئاسنینیان بریبو تا گەیشتبونە ئەوی ، وە بە چەند ناوچەی شەرا گوزەریان کردبو تا هاتنە پایتەختی لە هەمو لایەکەوە گەمارو دراوی جومهوریەتی ساوای سوڤیەت • ئەمانە لە هولی ( میترو فاینفســـکی ) لـــە کوشـــکی کرملین بیرو باوەری شورشگیرانەی خویان بە کورتی نوسی ، وە لە سەر پیشنیاری لینین سەروکی پارتی بولشەویک ئومەمیەتی سەهەمیان دانا کە بریتی‌یـە لە یەکیتی‌ی خەباتی کومونیستەکانی هەمو نەتەوەکانی جیهان •

سوروشتی چینی کریکارو جولانەوەی چینی کریکار پیویستی ئەکا لە سەر هەمو خەباتکەرانی ریگای سوشیالیزم کە لە ناو خویانا یەکیتی‌یەکی ئومەمی‌یان ببی ، یەکەمین پیویستی سەرشانی پرولیتاریای شورشگیر ئەوەتە یارمەتی‌ی یەکتر بدەنو پشتی یەک بگرن لـــە خەباتا بەرامبەر بە دوژمنی هەمو لایەکیان : ئیمپریالیزمو نوکەرەکانی •

نزیکەی سەدەیەک لەمەوپیش ، واتە لە ١٨٦٤دا کارل مارکس بنچینەی یەکەمین کومەلیکی شـــورشگیری بو کریکارانی هەمـــو

نەتەوەیەک دامەزراند کە بە ( ئومەمیەتی یەکەم ) ناوبانگی دەرکرد • مارکس دەیان سال بیوچان هەولیدا بو ئەوە کە هەمو پرولیتاری‌یە پیشرەوەکانی ئەوروپاو ئەمەریکا یەک بخا ، وە لە دەوری ئـــالای ( اشتراکیەتی علمی ) یان کو بکاتەوە • لە پاش مردنیشی لە ژیـــر سەرکردەیی ئینگلزی هاوری‌ی دلسوزیا بنچینەی یەکیتی‌ی هەمـــو پارتە سوشیالیستەکانی دەولەتان دانرا کە بە ( ئومەمیەتی دوهەم ) ناوبانگی دەرکرد • پارتەکانی کریکاران کە کونگرەیان ئەگـــرت تەجروبەی خەباتی چینایەتی‌ی خویان بو یەکتری باس ئەکردو ری‌و شوینی تیکەلی خویانیان دائەنا • ئا لەو روژانەدا ئەو عادەتـــە پـــر شانازی‌یە دانرا کە هەمو سالی لە روژی یەکی ئەیارا کریکاران بە خو پیشاندان بینە سەر جادەکان •

بەلام پاش مردنی ئینگلز پارتەکانی ئومەمیەتی دوهەم روژ لە روژ زیاتر توشی دەردی هەل پەرستی ( انتهازیة ) ئەهاتن ، چونکە پەنجەی بوگەن‌کەری ئیمپریالیزمیان پی‌گەیی ، لەبەرئـــەوە روژ لە پاش روژ باشـــتر ئەچەقینە زەلکاوی ری‌کەوتنـــەوە لە گـــەل بورجوازیەت • لەبەرئەوە پیویست بو لە سەر پرولیتاریا کە وا بو ئەوەی بە سەر ئیمپریالیزما زال ببی چەند پارتی لە چەشنیکی نوی بو خوی دروست بکا ، پارتی وا کە بتوانی میللەت راپەرینی بـــو رامالینی ئیمپریالیزم • لە ژیر سەرکردەیی لینینا حزبیکی وا لـــە روسیا پیکهات ، وە لە ولاتانی تری ئەوروپاشا باشترین خەباتکەرانی چینی کریکار کەوتنە خو بو دامەزراندنی چەند حزبیکی لەم چەشنە وەک ( کارل لیبنخت )و ( روزا لوکسمبورگ ) • لینین هەمو هیزە

کرد که مەکینەی جەنگی هیتلەری بێهێز کرد ، قارەمانانە سەرکردەیی خەباتی نهێنی‌یان ئەکرد روبەروی فاشیزم •

کومونیستەکان بە پێی ئاموژگاری‌یەکانی مارکس‌و لینین ،وە بە پێی پێویستە گورجەکانی جولانەوەی کرێکاران‌و وەزعی هەمیشە گوڕاو شێوەی خەبات‌و خو ریکخستن دائەنێن • بە میسال لە سالی ۱۹۱۹دا چونیەتی‌ی جولانەوەی کرێکارانی جیهان‌و مەسلەحەتی خەبات بو سەرکەوتنی کومونیزم پێویستی کرد کە ئومەمیەتی سەهەم دامەزری ، لە سالەکانی پاشەوەش‌دا پێویست بو ئومەمیەت بە هێز بکری بو ئەوەی ئەم خەباتە سەرکەوی‌و بگاتە ئەنجام ، بەلام هەرچەند بزوتنەوەی کومونیزم لە ولاتانا پەرەی ئەسەند زەحمەت‌تر ئەبو لە یەک سەرچاوەوە سەرکردەیی بکری • پارتە کومونیستەکان خویان هێزیان پەیدا کردبو ، وە ئەیان توانی بە تەنها خویان چاری ئەو گیرو گرفتانە بکەن کە لە سەرکردەیی کردنی خەباتی پرولیتاریاوە پەیدا ئەبو •

دیارە لەم وەزعە تازەدا ، لە سەر شیوە کونەکانی خوریکخستن مانەوەو هیشتنەوەی هەمو پارتە کومونیستەکان لە یەک کومەلا بو هەمو دەولەتان ریگا لە بەرەللا بونی توانای پارتەکان ئەگری • لەبەرئەوە ئومەمیەتی سەهەم بە یەک دەنگ لە سالی ۱۹۴۳دا بریاری قوبول کردنی پێشنیاری سەروکایەتی‌ی لوجنەی جێ‌بەجێ کردنی کاروباری ئومەمیەتی دا کە داوای کردبو کومەلی ئومەمیەت هەلوەشێنرێتەوە بەو ناوە کە سەرچاوەی سەرکردەیی کردنی جولانەوەی کومونیزمی‌یە لە جیهانا •

گوڵەکان بە داخەوەن
کە خەڵکی ئەبینن خۆشەویستەکانیان بە جێ دێڵن !

★ ★ ★

سە مانگە ئاشی جەنگ کەوتوەتە گەڕ
دەنگ‌و باسی کەس‌و کار براوە
نامەیەکیان لە زێڕ بە نرخترە
کە دەس بە سەرما دێنم
ئەبینم بەشی زۆری مووی سەرەبۆزەکەم ڕوتاوەتەوە
بە موکێشیش بۆم ناگیرێ ..
پار پاییز کاتێک کە گەڵای دارەکان
ئەوەرینە گوێی ڕوباری (فو)
لاوێکی ئەسپ سوار لێرەوە تێپەڕی کرد
ڕمەکەی بە فیزێکەوە هەڵبڕیبو
بەڵام ئێستا کەس نازانێ ئێسکی لە کوێ لە ژێر خۆڵایە
چونکە ئەوانەی ڕۆیشتن
کەسیان لێ نەگەڕایەوە !

★ ★ ★

گیانی مردوەکان هاوار ئەکا
لە ناو چەی جەنگا
لە کاتێکا کە ئۆردوگای سەربازەکان
ناهومێدی ڕەشماڵی خۆی بە سەرا هەڵداوە ..

**وەرگێر : محمدی مەلا کریم**
**ئەندامی یەکێتی ئەدیبەکانی عێراق**

« پیویستە هەمومان دەست لە ناودەستا خەبات بکەین بو ئەوەی هەمو پارچە دابەش کراوەکانی کوردستانی خوشەویستمان بکەین بە یەك ... باوكو باپیرمان زور هـەلیان لە کیسی خویان دا لە ریگای یەکیەتی کوردستانا ... ئیمە نابیت ئەو هەلانەی ئەوان دوبـارە بکەینەوە.. با لە سەر خاکی پیروزی کوردوستان کە بە خوینی باوكو باپیرمان ئاو دراوە ، هەمو سویند بخوین : یا مردن یا سەربەستی »

نوینەری کوردستانی تورکیا ئەوەندە بـەدلیکی پر لـە داخو دەنگیکی بـە سـوزەوە وتارەکەی دا ، هەسـتی هەمو دانیشتوانی کونگرەی بە جوریکی وا جولان تا ماوەیەکی زور هەمو بە سـەر پیوە ، بە چەپلە ریزانیکی زور گەرم بە پیریەوە چون .

نوینەری کوردستانی داگیرکراوی بە زور بە ئیران بەستراو ووتی :-

« ... حکومەتی کونەپەرستی ئیران بە زور ئەیەوی گەلی کورد لە ناو بەریت بەلام هەرگیز ئەمەی بو ناچیتە سەر .. بـا خویندنخانەی کوردیو نوسراوو روژنامەو گوڤاری کوردی نەبی ، با قەفی زنجیرەکانیان لە پیمانا زیاتر ئەستور بی ، ئیمە هەر کوردینو بە کوردی ئەمینینەوە ، تا ئەو روژەی ئالای کوردستانی سەربەستو یەك گرتوی خومان بە دەستی خومان بە سەر خاکی کوردسـتان خوشەویستمانا بەرز ئەکەینەوە ، ئەو روژەش دورنیە ئەگەربیتو ئیمە بەراستی بو گەلو نیشتمانەکەمان خەبـات بکـەینو بەدروو دەلەسەی ئەمو ئەو هەل نەخەلەتین ، وەکوو جارەها هەل خەلەتاین.. ئیتر بەسە بەهەلە چوونو دلپاکی بەرامبەر بە دوشمنانی نەتـەوەی

گرتبوو به چاکی جی‌بەجی نەئەکرا •• هەتا ناوهینانی کوردستان بە تاوان ئەژمیررا لە سایەی دەس‌بەســـەری بیگانەو هەندیك لـــە کوردفروشەکان ، کە چاکەو مافی وولاتەکەیان فروشت بەرامبەر بە چەن کورسیەکی سوك ، کە ئەمروش بەداخەوە ئەلیم وینەی ئەو میللەت‌فروشانە هەرماوە ، ئەوانەی تا ئیستا خزمەتی بیگانە ئەکەن‌و کوردیان لە بیر چوەتەوە چونکە مەسلەحەتی ئەمرویان ریگایان نادا بو کوردو کوردستان تی‌بکوشن • »

لە پاش‌دا باســی پیکهینانی جەمهوریەتی عراقی کرد، کە چون لە ئەنجامی تیکوشانی چەن سالەی گەلی کوردو عەرەب پیك هات ، وە چون کوردە کان توانیان لە سەردەمی جەمهوریەتا چەن هەقیکیان وەربگرن • وە داوای کرد کە هەمیشە تیکوشانی کوردایەتیان بەهیز بکەن لە پیناوی سەندنی هەمو هەقیکی نەتەوایەتی‌و دیموکراتیانا بەو جورەی کە گەلی کورد خوی ئەیەویت ، چونکـــە هیچ مافیـــك وەرناگیری بی کوشـــش‌کردن ، وە داوای‌کرد لە هەموان کـــە لایەنگری‌و پشتیوانی جەمهوریەتی عراق بکەن بە ســـەرکردەیی عبدالکریم قاسم‌و هەول‌بدەن بو پاراستنی دیموکراتیەت‌و ئاشتی لـــە سەر بناغەی برایەتی کوردو عەرەب‌و هەمو میللەتان •

**بریارە گرنگەکانی کونگرە :**

١ ـ دەربارەی‌عیراق : کونگرە لایەنگری‌یەکی تەواوی کوماری عیراق‌و پەیرەوە دیموکراتیەکەی ئەکات بە سەرکردەیی عبدالکریم قاسم ، وە داوا لە حکومەتی عراق ئەکات تا بەردەوام بیت لەسەر سیاسەتەکەی بەرەنگاری ئیمپریالزم‌و کونەپەرستی کە دامەزرابیت

وەزعە نالەبارەکانی کوردستانی ئیران ٠

« کونگرە داوا لە حکومەتی ئیران ئەکات ، دان بەو راستیە علمیەدا بنیت : کە زبانی کوردی بەشیک نیە لە زبانی فارسی ، بەلکو زبانیکی سەربەخویە لە زبانەکانی « هندو ـ ئەورووپی ـ بەشی ئیرانی » وە داوا ئەکات حکومەتی ئیران دان بنیت بەوەدا کوردستان لە روی جوگرافیو نەتەوایەتیەوە لەم بەشانەی خوارەوە پیک هاتوە :

ناوچەی بەختیاری ، لورستان ، کرماشاە ، وە ئەو ناوچەیەی لە ئیدارەی ئیستادا پیی ئەلین : کوردستانو بەشەکانی روژاواو خواروی ئازربایجان ، واتە ناوچەی مەهابادو شکاکو جلالی » ٠

**٣ ـ دەبارەی تورکیا :**

کونگرە سلاوی گەرمی پیشکەش خویندکارانی کوردستانی تورکیا ئەکات بەرنگاری ئیمپریالیزمی ئەمریکیو کونەپەرستی تورکی کە ئەمرو حکومەتی مەندەریس تەمسیلیان ئەکات ، وە لایەنگری تیکوشانیان ئەکات لە ریگای ئازادی نەتەوایەتیدا ، کونگرە داوا ئەکات دان بنری بە مافی خویندکارانی کوردا لە تورکیا تا بتوانن لە خویندنخانەکانی کوردستانی تورکیا بە زبانی نەتەوایەتی خویان بخوینن ، کونگرە بی‌بەشی‌یان لەم هەقە بە جیاوازی‌یەکی نەتەوایەتی دائەنیت ، ئەمەش لادانە لە مافی مروڤایەتیو پەیمانی نەتەوە یەک گرتووەکان ٠

**٤ ـ دەربارەی سوریا :**

« کونگرە نارەزایی خوی دەرئەبری بەرامبەر بە چەوساندنەوەی نەتەوایەتی کوردەکانی سوریا وە داوای وەستاندنی ئەکات

## پەیمان

بەوجووتە چاوە کاڵانەت
بەو لیوە قوتە ئاڵانەت
بە تیشکی روناکی گونات
بە ئاهی‌سارد ، بە ئاوات
دووربی نزیك ئەت‌پەرستم
گیانە بە شـیوەت پرر مەســـتم
بیرەوەری روژانی زوو
وا لە یاداو لە بیر نەچوو
زەردەخەنەو سوزی دەنگت
نەخشەکیشەو وا لە سەر روو
دووربی نزیك ئەتپەرستم
گیانە بە شیوەت پررمەستم
خەوو خوراکم بـەژارە
چاو لە فرمیسکی بیزارە
قەتیس ماوە لە سەر برژانگ
یاخود تاك‌تاك سەرەوخوارە
دووربی نزیك ئەتپەرســـتم
گیانە بە شیوەت پررمەستم
سالان دیت‌و تیپەر ئـەبی
ئاواتی من نایەتە جی
ناسوری دل ، ئازاری نوی

چوار ساڵەی شەهیدانی سەرپرد ، پولیسی تحقیقاتیش شکیان لـــە قوتابیانی ئەم قوتابخانەیەیە ••• ئیتر منیش نەمویرا بچمە ژوورەوە نەوەك بمگرن لە بەر ئەوە هاتم بو ئیرە ، ئتیر خیرا بردمیانە ژووریكو جیگایان بو چاك کردم دوای ئەوەی کە خوم گورری‌و ویستم بچمە ناو جیگاوە بی‌دەنگ ( پرشنگ ) هاتە ژوورەوە پیش ئەوەی کـــە هیچ بم دوینی دەستی کرد بە گیرفانەکانماو دەستی دەرهینایەوە بـــە کومەڵیك بەیان‌نامەوە وە بە پی‌کەنینیکەوە ووتی :

ــ ئەم مل‌پیچو پالتو خواستراوە و قوندەرە تەنگانە هەروا بـــە خورایی نەبوو ، هەستم بە شتیك کردبوو ،

منیش خوم تیك نەدا و ووتم :

ــ ئا ••• ئەوانە لە ریگا دوزیمنەوە ، بەلام لە ترسی ئەوەی کە بم پشکنن وە بیدوزنەوە نەمویرا بچمە ژوورەوە •

ــ گیانەکەم بو لیم‌ئەشاریتەوە ؟ بو ئیمە مافی تیکوشانمان نیـــە وەکو ئیوە ؟ بو هەمیشە سنگی ئیمە قەلغانی ئیوە نەبووە لە خەباتی خویناویدا ••• ئاخ •••• خوزگەشتیکم پی ئەسپیررا جا بزانن چونم رائەپەراند ، منیش تینوی سەربەستیم وەك ئیوە ، منیش ئاواتە خوازم کە ئەم حکومەتە رزیوە بروخنریت ، ئەم قەسابخانە یەی بو ئازادی خوازان دانراوە بە سەر خاوەنەکانیانا ویران بکەین ، ئەم بەندیخانە گەورەیەبروخینن ، منیش بە عەزرەتەوەم کە ســـبەینی بی‌ترس هەموو بە چەپکـــە گولی رەنگاو رەنگـــەوە بچینە ســـەر گوری شەهیدەکانمان وە پەیمان لە گەل گیانی پاکیانا تازە بکەینەوە و بلیین :

« دلنیا بن کە خوینی ئیوە هەر دلوپیکی نەمامیکی ساوای ئـــاو

به بومبای فرمسیك ریژەوە دەوری قوتابخانەکانیان ئەگرت بـەلام بێسوود بوو هیچ هیزیك خوی لە بەر هیزی پولاینی رولە نەبەزەکانی گەلو ( گولە بونخوشەکانی یەخەی میللەتا ) را نە ئەگرت هـەتـا روژیکیان ئەو روژەی کە هیچ کاتیك هەرگیزاو هەرگیز بیرم ناچیتەوە تا لە ژیانا بم ۰۰۰۰ ئەو روژەی کە لە بەرە بەیانیەوە ( مظاهرات ) دەستی پی کرد لە هەموو سووچیکی بەغداوە ، قوتابیان ، کریکاران ، گەنجان ، پیاوو ژن ،گەورەو بچوك لە هەموو لایەکەوە بە شیعاراتەوە هاتبوون لە بەردەمی نامەخانەی گشتیدا لە ( باب المعظم ) هەمـــو ( مظاهرەکان ) یەکیان گرتو ەقول کرا بە قولی یەکا وە بە ریز بە شیعاراتو بە (هتاف)کیشان: بو پیشەوە بو بەر بەرەکانیو نەگەرانەوە! ئەوەندەم زانی یەکیك توند قولی گرتم کە ئاورم دایەوە ( پرشنگ ) بوو ، بە زەردە خەنەیەکەوە ووتی :

ــ قوتابیانی ئیمە بریاریان داوە ئیمرو تا وەزارەت نـــەروخی نەگەرینە دواوە ئیوەش قوتابیانی خوتان هان بدەن کەس نەگەریتەوە ۰

ــ ئیمەش هەموومان لە گەلتاناین گیانەکەم ۰

ئیتر قولی کرد بە قولماو بە هتاف سەندنەوە کەوتینە جولاندن لە پرر دوان لە قوتابیانی ( کلیەی تجارە ) کە پرشنگیان ئەناسی وە منیش ئەمناســـین لە لیژنەی یەکیەتی قوتابیانی نەهینیدا بوون ۰ دەستیان دایە بالی پرشنگ وە سەریان خستە سەر پاسیکی ( ئەمانە )کەلەوی راوەستا بوو هەر کە دەستیکی بەرز کردەوە بە جاری ئەو هەموەی لەوی راوەستا بوون بی دەنگ بوون ، ئیتر کەوتە ووتار دان بـــە دەنگیکی پرر لە حەماسەت و بروایەکی بەهیزەوە داوای لە هەموان

